بێرتۆڵد بڕێشت

# هەڵاوێرد و رێسا

وەرگێڕ: خالید خاکی

**مرۆڤەکان:**
بازرگان
رێنوێن
کرێکار
دوو پۆلیس
خاوەنی کاروانسەرا
قازی
ژنی کرێکار
سەرەک کاروانی دووەم
دوو یاریدەری قازی

**دەورگێڕەکان:**
چیرۆکی ئەم را
باسی سەفەرێ ئەکا
زاڵمێک و دوو چەوسێنراو
پێکەوە
ئەپێون ئەم رێگا
ورد بڕواننە کردەوە و بیر و را
بە سەیری بزانن، هەرچەن ئاساییە.
مینا بەراوردکارێکی وشیار و وردبین
بە گومانەوە ئەڕوانین
تا وەکو بزانین
ئەوەی بە تاییەت بووە بە باو
پێویستە یاخۆ
هەر بۆ ناوە و داو
لەم چاخە ئاڵۆز و بێ بەزەییەدا
کە هەر مرۆڤە و
نە زانانە
مرۆڤایەتی لە دار ئەدا
هەگە وشیار نەبین و
کەمتەر خەم بین
کڵاومان با ئەیبا.

## 1

**رقەبەرایەتی لە بیابانا**

کاروانێکی بچووک، بە پەلە خەریکی تێپەڕ بوون لە بیابانە.

**بازرگان:** ( روو لە دوو هاوڕێکەی، رێنوێن و کرێکار کە بارەکانی بە کۆڵەوەیە) زوو بن خوێڕیانە، ئەبێ تا دوو رۆژیتر بە هان بگەین، چون بە هەر لەونێ بێ ئەبێ رۆژێ زووتر بگەین( روو لە بینەران) ئەز کارل لانگمانی بازرگانم و ئەچم بۆ ئۆرگا تا لە دوا وت و وێژ سەبارەت بە وەرگرتنی مافێکی تایفەتدا بەشداری بکەم. رەقیبەکانم بە دوامۆن. هەرکەسێ زووتر بگات ئاوا ئەوە گۆدەباتەوە. بە چستی و چالاکیێ کە لە خۆم نیشان داوە و بە زۆرێک کە بۆ هاوڕێکانم هێناوە، رێگەی ئەم سەفەرەم هەتا ئێرە لە ماوەیەکی نزیک بە نیوەی ماوەی پێویست پێواوە. بەڵام سەد مخابن کە رەقیبەکانم شەل و گۆڤ نین و ئەوانیش پێ بە پێی من هاتوون.( بە دوربین چاو لە پشت سەری خۆ ئەکات) چاوتان لێیە؟! دیسان خەریکن پێمان ئەگەنەوە.( روو لە رێنوێن) دە زوو بە ئەو کرێکارە نەختێ بجووڵێنە. من تۆم هەر بۆ ئەوە بە کرێ گرتووە کە دەنووکت بە سەر ئەوۆ بێ.

بەڵام وا دیارە ئێوە ئەتانەوێ من ماڵ وێران کەن و بە خەرجی من بۆ خۆتان پیاسە بکەن، ئەزانی سەفەرێکی وا چەنی تێ ئەچێ؟! هەڵبەت ، خۆ پارەکەی لە گیرفانی ئێوە دەر ناچێ! بەڵام بە بزانی! هەگە بتەوێ ئاوا خۆ بخلافێنی و کڵاو کەیتە سەرم لە دایرەی ئیشی ئۆرگا شکاتت لێ ئەکەم. جا کەیفی خۆتە.
**رێنوێن:** ( روو لە کرێکار) نەختێ پا هەڵگرە.
**بازرگان:** ( لاسایی رێنوێن ئەکاتەوە) نەختێ پا هەڵگرە، پا هەڵگرە. ئەم لاژە لاژە چییە؟ بەم دەم درێژ کردنەوەتا دیارە کە قەت نابیتە رێنوێنێکی باش. چاتر وابوو رێنوێنێکی گرانترم بگرتایێ. مردووت مرێ سات لەگەڵ سات زیاتر لێمان نزیک ئەبنەوە. دە دەی بیرازێکی ئەو تەوەزەلەم بۆ بکە! ئاخ.... من لایەنگری لێدان نیم بەڵام لە هەل و مەرجێکی وەها ناسکا کوتەک لەبەهەشتەوە دێ. هەگە پێش لە رەقیبەکانم نەگەم ماڵ وێران ئەبم. براکەتت بۆ کرێکاری هەڵبژاردووە. دوانی پیا نێ. خزمەتە، کەس و کارتە، بۆیە لێی نادەی. من ئێوە باش ئەناسم. دڵتان پێوە بێ باش ئەتووانن تورە بن و زگ یەک هەڵدڕن. زوو بە بیدە بەر شەق ئەگینا خۆت ئەدەمە بەر شەق و دەرت ئەکەم.
**کرێکار:** ( روو لە رێنوێن) لێم دە. لێم دە با دەرت نەکا. بەڵام زۆر توون لێم مەدە. ئەگینا تەواو لە پا ئەکەوم.
( رێنوێن لە کرێکار ئەدات)
**چەند دەنگ:** ( لە پشت شانۆوە) هۆ راوەستن. پرسیارێکمان هەیە. ئەرێ ئەمە رێگەی ئۆرگایە؟!هۆ... هۆ.... راوەستن. کارێکمان پێتانە. پرسیارێکمان هەیە.... ئەرێ ئەمە...
**بازرگان:** ( بێ ئاوڕدانەوە) ون بن!دەک شەوە بتانباتەوە دە هەنگاو هەڵگرن دەی ، چ لاتە لاتیکتانە؟! سێ رۆژە رایان ئەکێشم. دوو رۆژی بە جنێو و لێدان، رۆژی سێهەمیشیان بە دڵدانەوە و بەڵێن پێدان. با بگەین بە ئۆرگا جا حاڵییان ئەکەم. رەقیبەکانم هێشتا هەر پێ بە پێی ئێمە دێن. بەڵام شەو، ئەو کاتەی ئەوان لە خەوی شیرینان من رێ ئەبڕم و پێشیان ئەکەوم. رۆژی سێهەم ئەگەمە قۆناغی هان. رۆژێ پێش لە رەقیبەکان رۆژی پێش لە هەمووان . ( گۆرانی ئەڵێ)
شەو و رۆژم لێک گرێ دا
رێگەی دژوارم خێرا پێوا
بە زەبری نەقیزە و تێ هەڵدان
وە پێش کەوتم وەک مەردان
با بێدەسەڵات دوا کەوێ
مافی زۆردارە سەرکەوێ.
**2.**
**کۆتایی رێگەی پڕ لە رێبوار**
**بازرگان:** ( نزیک هان کەوتوونەتەوە) ئەمە ناوچەی هانە. خوایە گیان شوکرێ تۆ پێی گەیشتم. ئەنجام رۆژێ کەوتمە بەر رەقیبەکانمۆ. پیاوەکانم هیلاک و ماندوون و جیا لەوەش، زۆر رقیان لە من هەستاوە. هەرچەن باش هاتن بەڵام پیاوی مەیان

نین و ناتووانن گۆ ببنەوە. رووت و رەجاڵێکی بێ مێشک و گوێن کە چۆن لە دایک بوون هەر وەهایش ئەمرن. سوروشتی‌یە کە ناوێرن هیچ بڵێن چون بە حەمدی خوا هێشتا پاسەوانمان هەیە کە ئاسایشت و هێمنایەتی بخەنە وڵات.
**دوو پاسەوان:** ( لە بازرگان دەچنە پێش) گشتێ رێک و پێکە قوربان؟! لە رێگە و ئاسایشتی رازیی؟
**بازرگان:** گشتێ رێک و پێکە. ئەم رێگەم لە باتی‌ی چوار رۆژ بە سێ رۆژ پێوا. هەرچەن رێگەیەکی ئێجگار سەخڵەت و ناخۆش بوو، بەڵام من هەگە بڕیارێ بەم ئەبێ بە جێی بهێنم. عادەتم وایە. لەمەودوا رێگە چۆنە؟ هەر وەها سەخڵەت و ناخۆشە؟!
**دوو پاسەوان:** قوربان! لەمەولا ئەگەن بە چۆڵگەی قاقڕ و پان و بەرینی یاهی.
**بازرگان:** ئەکرێ پاسەوانمان لەگەڵا بنێرن؟!
**دوو پاسەوان:** نا قوربان. بە داخەوە. ئێمە دوا پۆلیسی ئەم ناوچەین.
**.3**
**دەرکردنی رێنوێن لە ناوچەی...**
**رێنوێن:** لەو وەختەوە کە ماڵ ئاواییمان لە پاسەوانەکان کردوە بازرگانەکەمان تەواو گۆڕیاوە. شێوەی قسە کردنی وەک جاران نەماوە. یانی دڵی نەرم بووە. هەڵبەت ئەمە پێوەندی بە سەفەرەکەمانەوە نی‌یە. چون لەم ناوچەیەش کە دوا قۆناغی پێش چۆڵگەی یاهی‌یە نەی‌هێشت رۆژێ پشوو بەین. نازانم چۆن ئەو کرێکارە داماوە بەو شەکەتیە تا ئۆرگا کێش کەم. ئەوەی راستی بێ ئەم مێهرەبانیەی بازرگان زویرم ئەکات. ئەترسێم نەکا پیلانێکمان پێ بگێرێ. هەمیشە هات و چۆیەتی. هەر دێت و ئەچێت و بیر ئەکاتەوە. هەر نەخشەیەک داڕێژێ من و ئەو کرێکارە چارە رەشە چارمان ناچارە و ئەبێ بە گوێرەی بکەین، ئەگینا مزەکەمان نادا و یاخۆ لە ناوەڕاست چۆڵگەی یاهیا بەرەڵامان ئەکات.
**بازرگان:** ( لێی دێتە پێش) وەرە تووتن هەڵگرە. ئەمەیش پەڕە سیگار. ئەزانم کە بۆ مژێکی پڕ سییەکانتان دۆ و دۆشاو تێکەڵ ئەکەن. شوکری خوا زۆرمان پێ‌یە. تووتنەکەمان بەشی سێ جار رۆیشتن بۆ ئۆرگا ئەکا.
**رێنوێن:** ( تووتنەکە وەرئەگرێ و لەبەر خۆیەوە ئەڵێ) تووتنەکەمان!
**بازرگان:** وەرە دانیشین برا. بۆ دانانیشی؟ سەفەری وا مرۆڤ لێک نزیک ئەکاتەوە. بەڵام هەگە نەتەوێ دانیشی هەڵبەت پێویست نییە دانیشی. ئێوەش بۆ خۆتان دان و نەریتێکتان هەیە. بە راهات من لەگەڵ تۆ قسە ناکەم. تۆیش لەگەڵ کرێکار قسە ناکەی. ئەمانە فەرق و فروقێکن کە بناغەی دنیایان لەسەر دانراوە. بەڵام خۆ ئەتووانین پێکەوە سیگار بکێشین. نا؟! ( پێدەکەنێ) بە تایبەت خۆشم لەم رەفتارەت دێ. ئەمەیش خۆی شەرمێکی نەجیبانەیە. لەم جیهانەدا هەر کەسێ پلە و مقامێکی هەیە. زۆر باشە. گشت کەل و پەلەکان کۆ کەرەوە. ئاویشت لە بیر نەچێ. بەو جۆرەی کە ئەڵێن لەو وشکە زیەدا بە دەگمەن چاڵاو دەس کەوێ. راستی ئەمەوێ شتێکت پێ بڵێم. بڕوانە کاکەگیان! ئاگات لێ بوو کاتێدات لەو کرێکارە چۆن مۆڕەی لێ ئەکردی؟! لەوانەیە پێویست بێ لەمەو دوا بە تەواوی

ڕەوشتی خۆت بگۆڕی. چون هاکاو دیتت ناچار بووین زیاتر کەوینە خۆ و زیاتر پەلەمان بێ. ئەمەیش لە مرۆڤێکی باش ناچێ. ئەو ناوچەیەش کە ئەچین چۆڵگەیەکی قاقڕ و پان و بەرینە. ئاگادار بە نەکا لە ناوەختا دەستی خۆی بوەشێنێ. تۆ مرۆڤێکی باشی. مزیشت زیاترە و کۆڵیش هەڵناگری و چ بەڵگەیەک لەمە قورس و قاییمترە کە ئەو رقی لێت بێ. یانی هەر ئەمە ئەبێتە بنەمای رق و قینی ئەو. جا بە رای من ئەکەی زۆر خۆتی لێ نزیک مەکەرۆ. من بۆ تۆمە( ڕێنوێن لە درگایەکی ئاوەڵاوە ئەچێتە حەوشە. بازرگان بە تەنێ دانیشتوە.) ئەوانە زۆر سەیرن.

( بازرگان بێدەنگ دانیشتووە. ڕێنوێن هەر لەو نزیکەدا ئاگاداری کرێکارە کە خەریکی بەستنی بارگە و بنەیە. پاشان دائەنیشێ و سیگارێ ئەکێشێ. کرێکار کاتێ کارەکەی دوایی دێ دائەنیشێ. ڕێنوێن توتن و کاغەزی پێ ئەدا و دەست ئەکەن بە وت و وێژ)

**کرێکار**: بازرگان هەمیشە ئەڵێ هەگە نەوت لە زەوی دەربێنن خزمەتێکی گەورە بە مرۆڤایەتی کراوە. هەگە نەوت دەربێنن، لێرە هێڵی ئاسن دروست ئەکرێ و هەموو ژیانیان پڕ ئەبێ لە پیت و بەرەکەت. بازرگان ئەڵێ لێرە هێڵی ئاسن ساز ئەکەن. ئەی ئەو کاتە من بۆ بەڕێ چوونی خۆم و ژن و منالّم چی بکەم؟!

**ڕێنوێن**: خەفەت مەخۆ. بەم زووانە هێڵی ئاسن دروست نابێ. من و تۆ نایبینین. ئەڵێن کاتێ نەوت دۆزرایەوە باسی ناکەن و ئەیشارنەوە. کەسێ کە کانیەکە، ئەو کانیەی کە نەوتی لێ دێتەدەر ئەبەسێ، مافی وسکوت وەرئەگرێ یانی پارەی دەمکوت کردنی خۆ وەرئەگرێ. ئەم بازرگانەش هەر بۆ ئەمە وا بە پەلەیە. نەوتی ناوێ، مافی وسکوتی ئەوێ.

**کرێکار**: تێناگەم.

**ڕێنوێن**: هیچ کەس تێناگات.

**کرێکار**: لێرە بەدواوە ئەگەینە چۆڵگە و ڕێ ناخۆشتر ئەبێ. خوا بکا تا ئاخت لاقەکانم لە دوم بێن.

**ڕێنوێن**: دڵنیا بە. زۆریش سەخڵەت نییە.

**کرێکار**: ئەم شوێنە ڕێگر و جەردەی لێنیە؟!

**ڕێنوێن**: ئەبێ ئەم ڕۆژی هەوەڵە باش وریا بین. لەم دەور و بەرە گشت چەشنە مرۆڤێکی لێیە.

**کرێکار**: پاش ئەمرۆ چی؟

**ڕێنوێن**: لە چۆمی میر mir کە تێپەڕین، تەواوە. بە قەراغ چاڵاوە نەوتەکانا ئەڕۆین.

**کرێکار**: تۆ ڕێگاکە باش ئەزانی؟!

**ڕێنوێن**: ئەی چۆن.( بازرگان دەنگیان ئەبیسێ. ئەچێتە پشت درگاکە و کۆڵیان لێ ئەگرێ)

**کرێکار**: پەڕانەوە لە چۆمی میر گرانە؟

**ڕێنوێن**: لەم وەرزەدا نا، بەڵام هەگە ئاوەکەی بێتە سەر گشتێ دائەتلێنێ.

**بازرگان:** به راستی خەریکە لەگەڵ کرێکار قسە ئەکات. پێکەوە وت و وێژ ئەکەن. سیگار ئەکێشن.
**کرێکار:** دەی ئەگەر وا بێ چۆن مرۆڤ ئەپەڕێتەوە؟
**ڕێنوێن:** هەموو هەشت ڕۆژە ، تا هەشت ڕۆژ سەور ئەکەی. پاش هەشت ڕۆژ مەترسی نامێنێ و ئەپەڕیتەوە.
**بازرگان:** دەک موبارەک نەبێ. دانیشتووە مۆجگاری ئەکات کە پەلەی نەبێ و گیانی ئازیزی تووشی مەترسی نەکات. ئەم کابرا جێی مەترسی‌یە. ئەو پیاوە نییە کە بە قازانجی من بێ و پچێ. لەمە خراپتریشی لێ ئەوەشێتەوە. بەم لەونە بێ ئەوان دووانن و من تاقی تەنیا خۆم. ئەبێ هەرچی زووتر بەرەڵای کەم.( ئەچێتە حەوشە و لێیان نزیک ئەبێتەوە) پێم گوتی بزانە بارەکان باش بەسراون یاخۆ نا. (لە بارێک ئەنەوێ تا پەتەکەی بپچڕێ) ئەمە چ بار بەستنێکە؟ هەگە پەتەکەی بپچڕێ ئەبێ ڕۆژێ بە لایەوە ڕاوەستین. تۆیش هەڵبەت ئەمەت زۆر پێخۆشە. ڕاوەستان. نا؟!
**ڕێنوێن:** کێ ئەڵێ من ڕاوەستانم پێ‌خۆشە؟ ئەوسا پەتەکەیش هەتا بە زۆر لێی نەنەوی ناپچڕێ.
**بازرگان:** ئێ؟ ئێستا چەنە وە چەنەم لەگەڵ ئەکەی؟! پەتەکە چڕا یان نەچڕا؟ هەگە پیاوی چاو ببڕە ناوچاوم و بڵێ نەچڕا. تۆ جێی متمانە نیت. نابێ متمانەت پێ بکەم. هەڵەم کرد کە بە دەمتۆ پێکەنیم. ئێوە و مانان بۆ ئەوە نابن. ڕێنوێن کە نەتووانێ جێی قەیر و حورمەتی هاوڕێکانی بێ بە کاری من نایەت. وا دیارە تۆ بۆ کرێکاری خولقاوی. تۆ بە پێی بەڵگە، کەسەکانی‌ترم لێ هان ئەدەی.
**ڕێنوێن:** بەڵگە؟! کام بەڵگە؟!
**بازرگان:** بەڵێ؟! زۆرت پێخۆشە بزانی؟! دە باشە ، تۆ دەرکرای!
**ڕێنوێن:** بەڵام ئێوە ناتووانن لە نیوەی ڕێدا دەرم بکەن.
**بازرگان:** ناتووانم؟! زۆر باش ئەتووانم و ئەبێ زۆریش مەمنونم بی کە لە دایرەی ئیشی ئۆرگا شکایەتت لێ ناکەم. وەرە ، ئەمەیش مزی تۆ، بابەتی ئەو ڕێگەی کە پێواومانە. ( بانگ لە خاوەنی کاروانسەرا ئەکات) کاروانسەرادار!
( خاوەن کاروانسەرا دێ)
**بازرگان:** ئێوە شایەد بن. مزەکەم پێداوە( بە ڕێنوێن) هەر ئێستا پێت ئەڵێم وا چاکە لە ئۆرگا نەتبینمەوە( چاوێ بە سەرتاپایا دەخشێنێ) قەت نابی بە هیچ کارە( لەگەڵ کاروانسەرادار دەچنە ژوورەکەی‌تر) ئێستا ڕێ‌ئەکەوین. هەگە مەترسیەک هاتە ڕێم. ئێوە ئاگادار بن کە من و ئەو پیاوە( ئیشارەت بە کرێکار ئەکات) پێکەوە ڕۆیشتین( خاوەنی کاروانسەرا بە ئیشارەتی دەست و سەر ڕادەگەیەنێ کە لە قسەکانی ئەو تێ‌نەگەییشتووە)
**بازرگان:** ( دائەچڵەکێ) تێ ناگات! کە واتە هیچکەس لێرە نییە کە بزانێ ڕووم لە کوێ کردووە. خراپتر لە گشتی ئەمەیە کە ئەم چاوبرسیانەیش باش ئەزانن کە شایەدێکمان نییە. ( دائەنیشێ و نامەیەک ئەنووسێ)

**ڕێنوێن:** ( ڕوو لە کرێکار) هەڵەم ئەوە بوو کە لە لای تۆوە دانیشتم. باش ئاگادار بە. ئەم کابرایە ئێجگار ناجسنە( قومقومەکەی پێ ئەدات) ئەم ئاوە پاشەکەوت خە. دایشارە. هەگە ڕێ هەڵە کەن تۆ چۆن دەرەقەتی دی، حەتمەن ئاوەکەت لێ ئەستێنێ. وەرە با پێت بڵێم لە کوێوە بڕۆن.

**کرێکار:** وا چاترە کە نەڵێی. نابێ بزانێ کە من و تۆ پێکەوە قسە ئەکەین. هەگە دەرم کات ماڵوێران ئەبم. ئەتووانێ مزەکەیشم نەدات چون بە پێچەوانەی تۆ من ئەندامی هیچ ڕێکخراوەیەک نیم و ناچار ئەبێ گشتێ قەبووڵ بکەم.

**بازرگان:** ( بە خاوەن کاروانسەرا) ئەم کاغەزە بەن بەو کەسانەی کە سبەینێ ئەگەنە ئێرە و بەرەو ئۆرگا دێن. لەمەولا تەنیا کرێکارم لەگەڵە.

**خاوەن کاروانسەرا:** ( سەر ڕائەوەشێنێ و کاغەزەکە وەرئەگرێ) بەڵام خۆ ئەو ڕێ نازانێ.

**بازرگان:** ( لەگەڵ خۆ) کە واتە لە قسەکانمان حالّی ئەبێ. پێشتر گەرەکی نەبوو حاڵیبێ! ئەزانێ چی بکات. نایەوێ لەم کارانەدا ببێ بە شایەد و خۆ تووشی گێرە و کێشە کات( بە خاوەن کاروانسەرا توند) ڕێگەی ئۆرگا بە کرێکارەکەم پیشان دە. ( خاوەن کاروانسەرا ئەچێتە لای کرێکار و ڕێگەیکەی پێ نیشان ئەدا. کرێکارەکە چەند جارێ بە پەلە سەر ڕائەوەشێنێ)

**بازرگان:** ئەزانم کە شەڕ و قڕەیەکم لە پێشە( دەمانچەکەی دەردێنێ و پاکی ئەکاتەوە و لەگەڵ کارەکەیا گۆرانی ئەڵێ)

با بێدەسەڵات دوا کەوێ
مافی زۆردارە سەرکەوێ
زەوی بۆ ئەبێ نەوتم باتێ
کرێکار بۆ ئەبێ بارم لە کۆڵ نێ
چون زەوی و نەوت و کرێکار و بار
هەموو خوڵقاون بۆ خزمەتی زۆردار
لەم جیهانەدا ڕێسا وایە
ئێجگار جوان و پەسند و ڕەوایە
با بێدەسەڵات دوا کەوێ
مافی زۆردارە سەرکەوێ2

( ئامادەی سەفەر ، دێتە حەوشە) ڕێگەکە فێر بووی؟!

**کرێکار:** بەڵێ گەورەم.

**بازرگان:** کە وایە بۆ ڕاوەستاوی؟! ڕێ کەوە( بازرگان و کرێکار ئەڕۆن، خاوەن کاروانسەرا و ڕێنوێن چاویان لێدەکەن)

**ڕێنوێن:** نازانم هاوڕێکەم ڕێگەکە فێر بوو یان نا، زۆر زوو ووتی: بەڵێ.

**4.**

**وتووێژ لەهەرێمێکی پڕ لە مەترسیا...**

**کرێکار:** ( گۆرانی ئەڵێ) ئەڕۆم بەرەو ئۆرگا
هیچ لێم ناگرێ ڕێگا

هیچ جەردەیەک نابێتە ڕێگرم
وشکەزیش نابێتە بەرگرم
ئەڕۆم بەرەو ئۆرگا
پارە وەر ئەگرم ،
( ئەکڕم نان و چا)2

**بازرگان:** ئەم کرێکارە چەنێ بێ خەمە. ئەم دەور و پشتە پڕە لە جەردە، پڕە لەو چاو برسییانەی کە چەقی رێ لە پیاو ئەگرن کەچی ئەو گۆرانی ئەڵێ( بگە کرێکار) من هەمیشە رقم لەو رێنوێنە بوو. رۆژێ خۆی تورە ئەکرد ، رۆژێ کەوشەکانمی ئەلستەوە. پیاوێ نەبوو جێمتمانە بێ.

**کرێکار:** بەڵێ گەورەم( دیسان گۆرانی ئەڵێ)
رێگەی ناخۆشم ، تەق تەقە بەردە
دڵم بێ هێز و لەشم سڕ و سەردە
بەڵام چەن خۆشە گەیشتنم بە ئۆرگا
پارە وەرگرتن بۆ کڕینی نان و چا.

**بازرگان:** چییە وا گۆرانی ئەڵێی و کەیفت سازە؟ رەنگە لە جەردە و رێگر نەترسی، ها؟ یاخۆ پێت وایە هەر چیەکیشت لێ بستێنن خۆ هی خۆت نییە و هی منە. دەسا بە تون ها؟

**کرێکار:** ( گۆرانی ئەڵێ) ژنەکەم چاوەڕێم ئەکا
منالەکەیشم لە ئۆرگا
لەوێ پارە وەرگرتنە و ...

**بازرگان:** بیبڕێنەرۆ. نامەوێ گۆرانی بڵێی... ئاگات لە دەنگی خۆت نییە. دەنگت ئەونە زلە لە ئۆرگا ئەبیسرێ. بەم لەونە گشت جەردە و رێگرەکانمان لێ کۆ ئەبێتەوە. سبەینێ کە گەیشتین ئەونە گۆرانی بڵێ هەتا لەبەرت ئەمێنێتەوە.

**کرێکار:** بەڵێ گەورەم.

**بازرگان:** ( کە لە پێشەوە ئەڕوات) هەگە بێن و تەپ بدەنە سەرمان تەنانەت ساتێکیش داکۆکی لەو چت و مەکە ناکات. لە راستیدا وەزیفەیەتی کە لە کاتی مەترسیدا وەک چۆن ماڵ و گیانی خۆ ئەپارێزێ وەهایش چت و مەکی من بپارێزێ. بەڵام هەرگیز کاری وا ناکات. چاوچنۆکانە... قسەیش ناکات. بەم شێوە من نازانم چی لە مێشکیایەتی. بۆ وێنە بۆ لە دوای منەوە دێ؟ خۆ رێگاکە ئەزانێ. جیا لەوە ، من ئەبا بۆ کوێ؟! ( ئاوڕێک ئەداتەوە و ئەبینێ کە کرێکار کە بە دەسرەیەک شوێن پێکانیان لەسەر لمەکان ئەسڕێتەوە) ئەوە چی ئەکەی؟

**کرێکار:** شوێن پێمان ئەسڕمەوە.

**بازرگان:** ئەکرێ فەرمووی بۆ چی؟!

**کرێکار:** با جەردە و رێگر شوێن پێمان هەڵنەگرن.

**بازرگان:** ئێ ئێ کە وا. بەڵام ناشێ بزانم تۆ من بەرەو کوێ ئەبەی؟ وەرە. وەرە پێشم کەوە.( بێدەنگ ئەڕۆن. بازرگان لەگەڵ خۆ) لەسەر ئەم لمانە شوێن پێ باش دیارە. لە راستیدا وا باشترە بیسڕینەوە.

**.5**

**له قەراغ چۆمی خوڕی میر.**

**کرێکار**: گەورەم هەڵەمان نەکردووە. ئەوەش چۆمی میر. لەم وەرزەدا پەڕینەوە دەگمەن نییە، بەڵام بەو مەرجەی کە ئاو هەڵنەسابێ. هەگە ئاوەکەی هەڵسابێ ئێجگار پڕ مەترسیە... ( نزیک ئەبنەوە) ئاوەکەی زۆرە، وەکوشتێ ئاوەکەی هەڵساوە.

**بازرگان:** ئەبێ بپەڕینەوە.

**کرێکار**: بەڵام ئەبێ تا هەشت رۆژ راوەستین با بنیشێتەوە ئەوسا بە بێ مەترسی ئەپەڕینەوە... ئێستا لەوانەیە بمانخنکێنێ.

**بازرگان:** ئەبێ تاقی کەینەوە. ئێمە تەنانەت رۆژێکیش ناتووانین راوەستین.

**کرێکار**: مادام کە وەهایە. ئەبێ بوارێک رەچاو بکەین، یاخۆ بەلەمێ دەس خەین.

**بازرگان:** ئەمە زۆر ئەخایەنێ.

**کرێکار**: ئاخر من مەلە نازانم.

**بازرگان:** ئاوەکەی زۆر نییە.

**کرێکار**: ( دارێک ئەکا بە ناو ئاوەکەدا) قوڕ بەسەرم . پەی نادا.

**بازرگان:** وا نییە. با بچیتە ناو ئاوەکە مەلەیش فێر ئەبی. کێ لە وشکاییا فێری مەلە بووە؟! تۆ نازانی . رەنگە هەر نەیشزانی بۆ ئەچین بۆ ئۆرگا. ها؟ ئەزانی هەگە نەوت لە زەوی دەربێنن چ خزمەتێکی گەورە بە مرۆڤایەتی ئەکرێ؟! هەگە چاڵاوی نەوت لێدەن هێڵی ئاسنیش دروست ئەبێ و هەموو بار و دۆخی ژینیان ئەگۆڕدرێ. نان بۆ گشت کەس دەس ئەدا. گشت ئەبنە خاوەنی جل و بەرگ و نان و پێخۆر و هەزار شتیتر. بەڵام کێ ئەبێ ئەم کارە بکات؟ ئێمە! هەموو شتێ پێوەندی بەم سەفەرەی ئێمەوە هەیە. نەختێ بیری لێ بکەوە. گشت خەڵکی وڵاتەکەت چاویان بڕیوەتە تۆ و نیازمەندی تووان و بڕشتی تۆن. تۆیەکی ئاسایی. ئەوسا تۆ ئەتەوێ هەست بە ئەرکی سەر شانی خۆ نەکەی؟!

**کرێکار**: ( کە تا ئێستا بەڕێزەوە گوێی داوە و سەری بۆ لەقاندووە) من باش مەلە نازانم.

**بازرگان:** دەی منیش گیانی خۆم ئەخەمە مەترسیەوە( کرێکار بە رێزەوە سەری بۆ ئەلەقینێ) هیچ لە کردەوەت تێناگەم، خاوەنی بیر و رایەکی ناپەسەندی. پێت خۆش نییە زووتر بە ئۆرگا بگەی و لەوانەیە بتەوێ هەر نەگەی. هۆیشی ئەمەیە کە رۆژ مزی و لە راستەقینەدا خۆشت لەم سەفەرە نایەت و تەنیا لە بیری مزی خۆتای.

**کرێکار**: ( لە قەراغ چۆم راوەستاوە و دوو دڵە) چبکەم؟! ( گۆرانی ئەڵێ):

ئەم چۆمە ، ئێجگار خوڕە، گۆمە

مەلە نازانم ، ئەترسێم، مەمکەن لۆمە

دوو پیاوین، پێکەوە راوەستاوین

یەک دوو دڵین، یەک لێ بڕواین

لێبڕوا ئازایە، ئاخۆ وایە؟! دوو دڵ ترسنۆکە

یەکیان چاوەڕێی مامەڵە، ئەویتر چەپۆکە
یەکیان سەرکەوتوو ئەگاتە ئەو قەراغە
ئەم سەرکەوتنەی خۆ ئەکاتە بناغە
ئەویتریان ئەکاتە مەترسیەکی تازە
خەفەتیکیتری بۆ تەیار و سازە
ئاخۆ هەردووکیان ئازا و دلێرن
ئاخۆ هەر دووکیان زانا و تێرن؟!
سەد مخابن! لەو چۆمەی کە هەر دوو
لێی ئەپەڕێنەوە زوو بە زوو
ناگەنە ئەو بەر دوو سەرکەوتوو
ئێمە و من و تۆ
نین هاوسەنگ و هاوبۆ
ئێمە سەرئەکەوین بەڵام
تۆ دڵشاد و من هەروام.
بەلانی کەمەوە ئیزن بە نیوە رۆژێ پشوو بەین. ئەز ماندووم. هیلاکم ، با ماندوویەتیم دەرچێ ئەوسا بەڵکوو بتوانم بپەڕێمەوە.
**بازرگان:** من رێگەیەکیتریش ئەزانم. دەمانچەکەم ئەنێم بە کەلەکەتەوە و مەرج ئەکەم کە لە ئاوەکە ئەپەڕیتەوە( پاڵی پێوە ئەنێ و لەگەڵ خۆ) بە هۆی پارەکەمەوە لە جەردەکان زیاتر لەو ئاوە خوڕە ئەترسێم( گۆرانی ئەڵێ)
وایش نەبێ مرۆڤ چۆن سەرئەکەوێ
قشکەزی و چۆمی خوڕ ئەنرێتە ژێر پێ
وا نەبێ چۆن مرۆڤ زاڵ ئەبێ بە سەر مرۆڤا
چۆن بە چاڵاوی نەوت ئەگا تا تەوافی کا
**6.**
**ئۆردوگا**
کاتی شەوە، کرێکار کە دەستێکی شکاوە ، تێئەکۆشێ خێوەتێ هەڵدات. بازرگان دانیشتووە و چاوی لێدەکات.
**بازرگان:** خۆ پێم ووتی. چون دەست لە کاتی پەڕینەوە لە چۆم شکاوە، ئەمڕۆ پێویست ناکا خێوەت هەڵدەی( کرێکار درێژە بە کارەکەی ئەدات) هەگە فریات نەکەوتایەتم ئەخنکای( کرێکار هەر خەریکی کارە) هەڵبەت خۆت باش ئەزانی کە من بەرپرسیاری ئەم بەڵایە نیم. ئەو کۆتە دارە لەوانە بوو لەمنیش کەوێ. بەڵام لەم سەفەرەدا ئەم بەڵا بەسەرتا هاتووە. من ئێستا پارەی نەختم زۆر پێ نییە، بەڵام هەر بگەینە ئۆرگا، لەوێ بانکی لێیە، پارەت پێ ئەدەم.
**کرێکار**: بەڵێ گەورەم.
**بازرگان:** چ وڵامێکی کورت و موختەسەر! وا لێم مۆڕ ئەبێتەوە ئەڵێی من دەستم شکاندووە. بوغزاییتر لەم کرێکارانە لە جیهانا نییە. ( بە کرێکار) ئەتووانی راکشێی( دوور ئەکەوێتەوە و لە سوچێک دائەنیشێ) وا دیارە خۆی بە قەد من بە

پەرۆش نیـیە. ئەم تایفەی رەش و رووتە بۆیان گرینگ نیـیە ساخ بن یاخۆ ناساخ. ئەمانە بە لەونێکی سوروشتی بێدەسەڵاتن. هەرگیز دڵیان بۆ خۆیان ناسووتێ. وەک چۆن ئێمە شتی ناحەز و نابار فڕێ ئەدەین. ئەوانیش ئاوا خۆیان فڕێ داوە چون ناحەز و نابارن. تەنیا ئەوکەسانەی کە رێک و پێک و لەش ساخ و پۆشتە و پەرداخن شیاوی خەبات و سەرکەوتنن( گۆرانی ئەڵێ)

نەخۆش و ناساخ بەرەو نەمان و مردن
ساخ و ئازا، ژیان و سەرکەوتن
ئەوانەی بێ تووانن، بێ دەرەتانن
ناحەزکەرانی سیمای جیهانن
ژیان جوانە، بەهەشتی بەرینە
بۆ پیاوی ئازادی بێ بەزینە

( کرێکار نزیک بووەتەوە ، بازرگان ئەیبینێ و ئەترسێ)

بیستی! راوەستە. جوڵە مەکە. چت دەوێ؟

**کرێکار**: گەورەم، خێوەتەکە ئامادەیە.

**بازرگان**: وا لە نێو تاریکاییا مەگەڕێ. پێم خۆش نییە. پێم خۆشە کاتێ کەسێ لێم نزیک ئەبێتەوە دەنگی پای ببیسم. کاتێکیش لەگەڵ یەکێکا قسە ئەکەم پێم خۆشە چاو ببڕمە ناوچاوی. بڕۆ راکشێ. پێویست ناکا ئەوەن پەرۆشی من بی( کرێکار ئەگەڕێتەوە) راوەستە! تۆ بڕۆ ناو خێوەتەکە! من هەر لێرە دائەنیشم. من فێری هەوای ئازادم( کرێکار ئەچێتەوە نێو خێوەتەکە) پێم خۆشە بزانم چەنێ لە گۆرانیەکەمی بیستووە. هێشتا هەر خرتەی دێ.( کرێکار زۆر بە وردی خەریکە جێگەکەی را ئەخا)

**کرێکار**: خوا بکا تێنەگا. بە یەک دەست دەگمەن بتووانم گژ و گیا هەڵکەنم.

**بازرگان**: نابێ ئەرخایەن بم. متمانە کردن گەوجیەتیە. من دەستم شکاندووە و لەوانەیە هەرگیز چا نەبێتەوە. سەیر نییە هەگە بیەوێ تۆڵەم لێ بکاتەوە. پیاوێکی دەسەڵاتدار کە نووستوە لە پیاوێکی بێدەسەڵات ئازاتر نییە. مرۆڤ نابێ هەوساری خەو شل بکات. هەڵبەت وا چاترە کە بڕۆمە ناو خێوەتەکە و لەوێ دانیشم، لێرە لەوانەیە پیاو تووشی گشت نەخۆشینێ ببێ. هەرچەن کە هیچ نەخۆشینێ وەک مرۆڤی رەش و رووت پیس نیـیە. تۆزێ پوڵ وەرئەگرێ و پێ بە پێی من دێ. منێ کە ئەم گشت پارەم هەیە. هەرچەن رێ بۆ هەردووکمان وەک یەک وایە. بەڵام... کاتێ مانوو ببوو لێم دا. رێنوێن لەگەڵ ئەوا قسەی کرد و بەم هۆیەوە دەرم کرد. کاتێکیش- هەرچەن لەوانەیە هەر بە راستیی لە ترسی جەردەکان- شوێن پێمانی ئەسڕییەوە لێی تورە بووم. وەختێکیش ترسا لە چۆم بپەڕێتەوە دەمانچەکەم نا بە کەلەکەیەوە. ئێستا بڕۆم و لەگەڵ کەسێکی وا لە ژێر خێوەتێکا بنووم؟ هەر کارێ بکات ناتووانێ فریوم بات و پێم بسەلمێنێ کە زویر نەبووە و هیچی بە دڵەوە نەگرتووە. زۆرم پێخۆشە بزانم ئەیەوێ چ پیلانێ بگێڕێ. ( کرێکار بە ئەرخایەنی رائەکشێ.)چوونە ژێر ئەو خێوەتە شێتیەتیە.

**بەش کردنی ئاو**
**ئەلف :**
**بازرگان:** بۆ راوەستاوی؟
**کرێکار:** گەورەم ، رێ کۆتایی پێ هاتووە.
**بازرگان:** دەی؟
**کرێکار:** گەورەم، هەگە ئەتەوێ لێم دەی لە باڵە شکاوەکەم مەدە. من لەمە بە دوا رێگاکە نازانم.
**بازرگان:** نازانی؟! مەگەر ئەو پیاوە لە قۆناغی هان بۆی راڤە نەکردی؟!
**کرێکار:** با گەورەم.
**بازرگان:** کاتێ پرسیارم لێ کردی کە فێر بووی یان نا، ووتت: بەڵێ
**کرێکار:** بەڵێ گەورەم.
**بازرگان:** بەڵێ و دەردی بێدەرمان، بەڵێ وسیل وسەرەتان ، فێر نەبووی؟
**کرێکار:** نا گەورەم.
**بازرگان:** ئەی بۆ ووتت: بەڵێ!؟
**کرێکار:** ئەترسام دەرم بکەی. تەنیا ئەوە ئەزانم کە ئەبێ شوێن چاڵاوەنەوتەکان بگرین و بڕۆینە بەرۆ.
**بازرگان:** دەی رێ کەوە.
**کرێکار:** بەڵام نازانم چاڵاوەنەوتەکان لە کوێن.
**بازرگان:** رێ کەوە و هەوڵی ئەوە مەدە کە کڵاو کەیتە سەرم. خۆم باش ئەزانم کە پێشتریش لەم رێگەوە هاتووی.
**کرێکار:** وا چاتر نییە چاوەنواڕی ئەوانەی دواوە بکەین؟
**بازرگان:** نا، رێکەوە( درێژە بە رێگەیان ئەدەن)
**بێ :**
**بازرگان:** بەرەوکوێ ئەچی؟ ئەمە بەرەوباکوورە. رۆژهەڵات لەولاوەیە ( کرێکار بەرەو رۆژهەڵات ئەڕوات) راوەستە. پێت وایە چیە؟! ( کرێکار رائەوەستێ و سەری دائەخات) بۆ تماشای چاوەکانم ناکەی؟
**کرێکار:** پێم وابوو رۆژهەڵات لەو لایە یە.
**بازرگان:** قنگر و ماس بە وەختی خۆی! پێت حاڵی ئەکەم چۆن ئەبێ رێنوێنیم کەی( لێی ئەدات) ئێستا ئەزانی رۆژهەڵات لە کام لایە یان نا؟
**کرێکار:** ( ئەزریکێنێ) لەو دەستەم مەدە.
**بازرگان:** رۆژهەڵات لە کام لایە؟
**کرێکار:** هەو لایە.
**بازرگان:** چاڵاوەکان!؟
**کرێکار:** ئەوەتان.
**بازرگان:** ( رق ئەستور) ئەوەتان!؟ بەڵام تۆ خەریک بووی لەم لاوە بڕۆی.
**کرێکار:** نا گەورەم.

**بازرگان**: ئێ؟! کە واتە لەم لاوە نە ئەڕۆیشتی! ( لێی ئەدات) لەم لاوە ئەڕۆیشتی یان نا؟!
**کرێکار**: بەڵێ گەورەم.
**بازرگان**: چاڵاوەکان لە کام لان؟( کرێکار بێدەنگە، بازرگان بە رواڵەت هێمن و لەسەر خۆیە) تۆ خۆ هەر ئێستا گوتت شوێنی چاڵاوەکان ئەزانی، ئەزانی یان نا؟ ( کرێکار بێدەنگە، بازرگان لێی ئەدات) ئەزانی یان نا؟!
**کرێکار**: بەڵێ.
**بازرگان**: ( لێی ئەدات) ئەزانی یان نا؟!
**کرێکار**: نا گەورەم نا.
**بازرگان**: ئاوەکەت بدە بە من( قومقومەی کرێکارەکە وەرئەگرێ ) ئێستا ئەتووانم بڵێم کە هەموو ئاوەکەی هی منە چون نیازت وابوو بمبەی بە هەڵەدا. بەڵام من کاری وا ناکەم. ئاوەکەت لەگەڵ بەش ئەکەم. قومی خۆت خۆرەوە پاشان رێئەکەوین( لەگەڵ خۆ) ئاوا وا نە ئەبوا لێم دایەت( درێژە بە رێ ئەدەن)
**جیم :**
**بازرگان**: پێشتر بیرەدا هاتووین. ئەمەش شوێن پێمان.
**کرێکار**: کاتێ لێرە بووین هێشتا زۆر لە رێ دوورەوە نەکەوتبووین
**بازرگان**: خێوەتەکە هەڵدە، ئاومان هیچ نەماوە( کرێکار خەریکی خێوەت هەڵدانە بازرگان بە دزییەوە قومقومەکەی خۆی دەرئەهێنێ و ئاو ئەخواتەوە و لەگەڵ خۆ) نابێ بزانێ هێشتا ئاوم ماوە. ئەگینا بە قەد دەنکە جۆیەکی فامی بێ من ئەکوژێ هەر لێم نزیک بێتەوە ئەیکوژم( دەمانچەکەی دەرئەهێنێ و ئەینێتە سەر ئەژنۆی، بە دەنگی بەرز) خۆزگە بمانتووانیایێ بەلانی کەمەوە چاڵاوە ئاوەکەی پێشوومان بدۆزیایەتو. ئەڵێی تەنافیان خستوەتە دەور ملم. مرۆڤ تاکەی ئەتووانێ بە بێ ئاو هەڵکا.
**کرێکار**: ئەبێ ئەو ئاوەی کە رێنوێن پیدام پێی دەم ئەگینا بێتو بزانن کە من هێشتا زینووم و ئەو لە توونیەتیا خەریکە ئەخنکێ، بێ سێ و دوو ئمبەن بۆ دادگا. (قومقومەکەی هەڵئەگرێ و ئەچێ بۆ لای بازرگان. بازرگان ناکاو ئەبینێ کرێکار بەرانبەری راوەستاوە، نازانێ کە ئاو خواردنەوەکەی ئەمی دیبوە یان نا، کرێکار نەیدیبوە و بە بێ ئەوەی هیچ بڵێ قومقومەکەی بۆ بازرگان رادەگرێ، بەڵام بازرگان کە لای وایە کرێکار تورە بووە و نیازی وایە بە بەردێکی گەورە سەری پانۆکات، بەرز ئەنەڕێنێ)
**بازرگان**: ئەوبەردە فڕێ دە(کرێکار مەبەستی ئەو تێناگات و دیسان قومقومەکەی رادەگرێ. بازرگان بە فیشەکێ کرێکار سارد ئەکاتەوە) کە واتە هەڵەم نەکردبوو، دە بمرە، نە فامی کێوی، حەقی خۆتە.
**8.**
**سروودی دادگا**
دەورگێڕەکان هەروەها کە شانۆ بۆ دادگا ئەگۆڕن سروود ئەخوێنن:
لە پاش خێڵی جەردەکان، جەردەکان

نۆرەی ڕێساکانە، ڕێساکانە،ڕێساکان
بێ تاوان کە خنکێنرا
دادگەرانن کە خێرا
لە دەوری، خۆ دەماسێنن، دەماسێنن
بە تاوانبار دەیناسێنن، دەیناسێنن
لەسەر گۆڕی پیاوی کوژراو
شەهید کردنی مافی بۆ دراو
ئەرکە لەسەر شانی دادگەران
ئەوانەی کە یاسایان ئەبێتە هەسان
بۆ تیژ کردنی چەقۆی سەلاخەکان
بڕواننە ئەم لاش خۆرانە
ئەم خوێرییە سەر شۆڕانە
ئەم بێ شەرمە مرۆڤ کوژانە
کە یاسا مەتەرێز و حەشارگەیانە
ئەوەی کە فەوتاوە و نەماوە
ئەوەی کە لێتان دزراوە
لە تۆی کاغەزێکەوە ئاڵاوە
کە یاسایانی لەسەر نووسراوە.

**9.**

**دادگا**

ڕێنوێن و خێزانی کرێکاری کوژراو، لە ژوورەوە لە هۆڵی دادگا دانیشتوون.

**ڕێنوێن:** ( بە ژنەکە) ئێوە خێزانی ئەو رەحمەتیەن؟ من ئەو ڕێنوێنەم کە مێردەکەتانم دامەزراند. بیستوومە کە لەم محاکەمەدا، داوای سزای بازرگان و جوبرانی زەرەرتان کردووە. بە پەلە هاتم چون بەڵگەی قایمم هەیە کە مێردەکەت بێ تاوان کوژراوە. ئەوەتا لە گیرفانم دایە.

**خاوەنی کاروانسەرا:** ( بە ڕێنوێن) بیستم کە بەڵگەت لە گیرفانایە. هەگە وایە ئامۆژگاریت ئەکەم: لە گیرفانتی دەر مەهێنە.

**ڕێنوێن:** یانی ئەڵێی بهێڵم ئەو ئافرەتە نائومێد و دەس بە تاڵ گەڕێتەوە؟

**خاوەنی کاروانسەرا:** ئەی ئەتەوێ ناوت لە لیستەی رەشا بنووسن؟

**ڕێنوێن:** سەبارەت بە ئامۆژگاریەکەت سپاست ئەکەم. بیری لێ ئەکەمەوە. ( ئەندامانی دادگە دائەنیشن، هەروەها بازرگانی قەتڵکەر و کەسانی کاروانی دووهەم و کاروانسەرا دار)

**قازیی:**کۆبوونەوەیدادگا بە پێی یاسایە. خێزانی کرێکاری کوژراو! تۆ بڵێ بزانین.

**ژن:** مێردەکەی من چت و مەکی ئەم ئاغای لە وشکەزیی یاهی هەڵگرتبوو. نەختێکیان مابوو بە کۆتایی سەفەریان کە ئەم ئاغا بە دەمانچە ئەوی کوشت. هەرچەن ئەزانم کە مێردەکەم تازە زینوو نابێتەوە، بەڵام داواخوازم سزای خراپەی ئەم کابرایە بدرێ.

**قازیی**: جیا لەمە داوای جوبرانی زەرەریشتان کردووە.
**ژن**: بەڵێ، چون من و کوڕە مناڵەکەم نانئاوەرەکەمان لە دەس داوە.
**قازیی**: ( روو لە ژنە) لۆمەتان ناکەم مافی خۆتانە( روو لە ئەندامانی کاروانی دووهەم) دوا بە دوای کاروانی کارێل لانگمانی بازرگان کاروانێکیتر هات کە ڕێنوێنی دەرکراوەی کاروانی هەوەڵیش بەو ملحەق ببوو. ئەمانە کاروانی سەر لێ شێواوی هەوەڵیان دی. کاتێ گەیشتنە لایان چیتان دی؟
**سەرەک کاروانی دووهەم**: بازرگان، ئاوی زۆر پێنەما بوو، هاوڕێکەیشی پێکراو لەسەر لمەکان کەوتبوو.
**قازی**: ( بە بازرگان) ئێوە ئەوتان کوشتبوو؟
**بازرگان**: بەڵێ، لە ناکاو هێرشی بۆ هێنام.
**قازی**: چۆن هێرشی بۆ هێنای؟
**بازرگان**: نازانم.
**قازی**: بڵێی زۆر فشارت بۆ هاوڕێکانت هێنابێ؟
**بازرگان**: هەرگیز.
**قازی**: ئەو ڕێنوێنەی کە بەشی هەوەڵی سەفەرەکە لەگەڵ بازرگان بوو و دەرکرا، ئێستا لێرەیە؟
**ڕێنوێن**: بەڵێ قوربان، منم.
**قازی**: بیر و رای تۆ چییە؟
**ڕێنوێن**: تا ئەو جێگەی من بزانم، بازرگان ئەیویست هەرچی زووتر بە ئۆرگا بگات. تاکو مافێکی تایبەتی وەرگرێ.
**قازی**: ( بە سەرەک کاروانی دووهەم) هەستتان ئەکرد کە کاروانی بەرەوە زۆر بە توندی ئەڕوات؟
**سەرەک کاروانی دووهەم**: نا، ئاسایی بوو. ڕۆژە ڕێیەک لەبەرەوە بوون و هەر وا مانەوە.
**قازی**: ( بە بازرگان) بەڵام بۆ ئەوەی کە هەر لە بەرەوە بن ئەبێ زۆرتان بۆ پیاوەکانتان هێنا بێ.
**بازرگان**: من زۆرم نەئەهێنا. ئەمە ئەرکی ڕێنوێن بوو.
**قازی**: ( بە ڕێنوێن) ئەم کابرا فرمانی پێنەدا بووی کە زۆر بهێنی بۆ کرێکار؟
**ڕێنوێن**: من زۆرم بۆ نەهێنا.
**قازی**: بۆ دەری کردی؟
**ڕێنوێن**: چون بە بڕوای، من زیاتر لە رادەی ئاسایی لەگەڵ کرێکار مێهرەبان بووم.
**قازی**: یانی ئەشیا لەگەڵی مێهربان نەبوایەتی؟ ئاخۆ هەستت ئەکرد کە کرێکار، کە ئەشیا لەگەڵی مێهرەبان نەبوایەتی، مرۆڤێکی یاخی بێ؟
**ڕێنوێن**: نا، لەگەڵ گشت چاک و خراپێکا ئەسازا، چون خۆ گوتەنی لەوە ئەترسا کە دەری بکەن، ئەندامی هیچ ڕێکخراوەیەکیش نەبوو.

**قازی:** که واته لەگەڵ زۆر شتا ئەسازا؟ وەڵام بدەنەوە و زۆریش وڵامەکانتان هەڵمە سەنگێنی، راستەقینە هەتاوە و ئەوەی بەری پێ بگرێ شێرە بەفرینەی بەر تاوە. راستەقینە لە ئەنجاما هەرخۆ ئەنوێنێ.
**رێنوێن:** من تەنیا تا قۆناغی هان لەگەڵیان بووم.
**خاوەن کاروانسەرا:** ( لەبەرخۆیەوە) ئافەرین بۆ رێنوێن، وڵامێکی جووانی داوە.
**قازی:** ( روو لە بازرگان) ئاخۆ لەوە بە دوا کارێکتان کردووە کە رقی کرێکار وەها هەڵسێ کە هێرشتان بۆ بێنێ؟!
**بازرگان:** نا ، لە لایەن منەوە ئەرخایەن بن.
**قازی:** کە وایە گوێ راگرن بزانن ئەڵێم چی. ئێوە نابێ رواڵەتی خۆتان وەها کز و بێدەسەڵات نیشان دەن. ئەمە رێگەی نییە پیاو! هەگە ئەوەن باش و مێهرەبان بوون ئەی کرێکارەکەتان ماخۆلەی بوو رقی لێتان بێ؟ ئێوە تەنیا بەو شێوە ئەتووانن بیسەلمێنن کە کارەکەتان بۆ داکۆکی لە گیانی خۆتان بووە کە بتوانن بیسەلمێنن کە کرێکارەکەتان رقی لێتان بووە.
**بازرگان:** ئەبێ دیانی پیانێم کە من جارێ لەوم دا.
**قازی:** یانی پێتان وایە کە هەر بەم لێدانە کرێکارەکەتان وەها رقی هەڵسا؟
**بازرگان:** نا. کاتێ ویستی لە چۆم نەپەڕێتەوە دەمانچەکەم نا بە کەلەکەیەوە و کاتی پەڕانەوەش دەستێکی شکا و هەڵبەت ئەمەیش تاوانی من بوو.
**قازی:** ( بزەیەک ئەگرێ) یانی بە رای کرێکار.
**بازرگان:**(ئەویش بە بزەوە) هەڵبەت. چون لە راستیدا هەگە من نەبووایەتم ئەخنکا.
**قازی:** زۆر چاکە. پاش دەرکردنی رێنوێن، بوونە هۆی ئەوەی کە کرێکار رقی هەڵسێ، پێشتر لەوە چی( بنجبڕانە بە رێنوێن) بۆ دەری ناخەن کە ئەو کابرایە رقی لە بازرگان بوو؟ هەگە بە وردی بڕوانینە شتەکە ئەبینین کە لە بناغەدا سوروشتی‌یە، کاتێ کەسێ بەم مزە کەمە تووشی ئەم گشتە مەترسیە ئەکەن و تەنانەت لە بۆ کەسێکی‌تر دەسێکی ئەشکێ و بە خۆڕایی تووشی مەترسی گیانی ئەکەن، سوروشتی‌یە کە رقی لەو کەسەی‌تر بێ.
**رێنوێن:** رقی لی نەبوو.
**قازی:** ئێستا چەن پرسیارێ لە خاوەن کاروانسەرای ناوچەی هان ئەپرسین، بەڵکوو بتووانێ بە وڵامەکانی خۆ کەلێنەکان پڕ کاتەوە و بۆمان روون بێتەوە کە بازرگان چۆن لەگەڵ پیاوەکانی جوڵاوەتەوە.
**خاوەنکاروانسەرا:** زۆر باشە.
**قازی:** ئەتەوێ خەڵکەکە چۆڵی بکەن؟ پێتان وانی‌یە کە کەسپ و کارتان تووشی زیان ببێ هەگە راستەقینەی مەسەلەکە بدرکێنن؟
**خاوەنکاروانسەرا:** نا جەنابی قازی، پێویست ناکا.
**قازی:** هەر چۆن پێتان خۆشە با وابێ.
**خاوەنکاروانسەرا:** ئەو تەنانەت تووتنی بە رێنوێن دا، مزەکەیشی بە تەواوی پێ دا. لەگەڵ کرێکاریشا هێمنانە ئەجوڵایەوە.
**قازی:** قۆناغی ئێوە دوا مەڵبەنی ئەم رێگەیە؟

**خاوەنکاروانسەرا:** بەڵێ، پاش ئەویش چۆڵگەی هان دەست پێ ئەکات.
**قازی:** کەوا. یانی هێمنایەتی بازرگان زۆرتر بە هۆی بار و دۆخی تایبەتەوە بوو و بێ گومان کەم خایەنیش بووە. بە زاراوە تاکتیکی گشتمان ئەزانین کە لە شەڕیشدا هەروەها بوو، ئەفسەرەکانی ئێمە ئەمەیان زۆر بەلاوە گرینگ بوو کە هەرچی بە بەرە نزیکتر دەبوونەوە لەگەڵ سەربازەکانیان مێهرەبانتر بن و کردەوەیان مرۆڤانەتر بێ. بەڵام ئەم شێوە مرۆڤایەتیە زۆر پەسند و بەکار و جێگر نیـیە.
**بازرگان:** بۆ وێنە کاتی رێ رۆیشتن هەر گۆرانی ئەووت بەڵام هەر کە دەمانچەکەم نا بە کەلەکەیەوە تا لە ئاوەکە بپەڕێتەوە ئیتر نقی دەر نەهات.
**قازی:** کە واتە بە تەواوی رقی هەڵسا بوو و هەڵبەت تێگەیشتنی ساکارە. یانی دیسان وێنەیەک لە شەڕ هەڵبژێرین. لەوێش ئەکرا تێبگەین کە بۆ سەربازەکان ئەهاتن و ئەیانووت: بەڵێ، شەڕ شەڕی ئێوەیە بەڵام ئەوەی کە بە شەڕ دێ و ئەکوژرێ ئێمەین. کرێکاریش ئەیتووانی بە بازرگانی ووتبێ: مامەڵەی تۆیە و ماندوویەتیەکەی بۆ منە.
**بازرگان:** ئەبێ ئەوەش بڵێم کە کاتێ رێمان لێ ون ببوو ئاوی قومقومەکەیم لەگەڵیا بەش کرد. بەڵام ئەمویست ئاوی قومقومەکەی خۆم بە تەنیا پخۆمەوە.
**قازی:** ئەکرێ بڵێین ئێوەی کاتی ئاو خواردنەوە دیتووە؟
**بازرگان:** لام وابوو کە دیتومیەتی. کاتێ کە بە بەردەکەوە بەرەولای من هات زانیم کە رقی لێمە. کاتێ بە چۆڵگە گەیشتین شەو و رۆژ گوێ قوڵاغ بووم بەم بڕوا گەیشتبووم کە لە هەوەڵێن دەرفەتا هێرشم بۆ ئەهێنێ. هەگە من ئەوم نەکوشتایێ ئەو منی ئەکوشت.
**ژن:** ئەمەوێ شتێ بڵێم، هەر ناگونجێ مێردەکەم هێرشی بۆ ئەو بردبێ. لە تەواوی ماوەی ژیانیا هێرشی بۆ هیچ کەس نەبردووە.
**رێنوێن:** لەسەر خۆ بن. بەڵگەی بێ تاوانیی ئەو لە گیرفانمایە.
**قازی:** ئاخۆ ئەو بەردەی کە کرێکارەکە بەوە هەڕەشەی لێکردن دۆزراوەتەوە؟
**سەرەک کاروان:** ئەم کابرا( ئیشارەت بە رێنوێن ئەکات) لە چنگی کرێکارەکەی دەرهێنا( رێنوێن قومقومەکە نیشان ئەدات)
**قازی:** ئەمە هەر ئەو بەردەیە؟
**بازرگان:** بەڵێ.
**قازی:** دڵنیان کە هەر ئەو بەردەیە؟
**بازرگان:** بەڵێ. خۆیەتی. دڵنیام کە هەر ئەو بەردەیە.
**رێنوێن:** دە بزانە چی تیایە( ئاوی قومقومەکە ئەڕێژێ)
**هاوکاری هەوەڵی قازی:** وا دیارە کە هەر لە بیری کوشتنی بازرگانیشا نەبووە.
**رێنوێن:** ( بە خێزانی کرێکار) چاوت لێیە، توانیم بیسەلمێنم. بێ تاوان بوو. هەڵاوێرد توانیم بیسەلمێنم کە بێ تاوان کوژراوە. رووداوەکە وەها بووکە کاتێ رێ کەوتن لە دوا مەڵبەند قومقومەکەی خۆم پێدا. خاوەنی کاروانسەرایش ئاگادارە و ئەمە هەر ئەو قومقومەکەی خۆمە.
**خاوەنکاروانسەرا:** ( لەگەڵ خۆ) گوێدرێژی نەفام. لە خۆیشی شێوان.

**قازی**: عەقڵ نابیڕێ( بە بازرگان) کە وابوو ویستویەتی ئاوتان پێ بات!
**بازرگان**: ئەبێ بەرد بووبێ.
**قازی**: نا. بەرد نەبووە. ئەوەتا. خۆتان چاوی لێ بکەن. قومقومەیە.
**بازرگان**: بەڵام من لە کوێوە ئەشیا بمزانیایێ کە بەرد نیەیە و قومقومەیە، چ هۆیەکی بوو کە ئاو بە من بات. خۆ من برادەری ئەو نەبووم.
**ڕێنوێن**: بەڵام ئاوی پێدا.
**قازی**: بەڵام بۆ ئاوی پێدا؟ بۆ؟
**ڕێنوێن**: لام وایە بۆ ئەوەی کە هەستی بە توونیەتی بازرگان کردبوو( قازییەکان بۆیەک بزە ئەگرن) بۆ ئەوەی یاسای مرۆڤایەتی وایە. لە بۆ مرۆڤایەتی( قازییەکان دیسان بۆ یەک بزە ئەگرن) یا خۆ لە رووی گەوجایەتیەوە. چون لام وایە دوژمنایەتیەکی لەگەڵ بازرگان نەبوو.
**بازرگان**: کە وابێ ئەبێ زۆر گەوڤ بووبێ. من دەستم شکاندبوو. لەوانەیە قەت خاس نەبوایەتەوە. بەو دەستە شکاوەوە سوروشتیيە کا بیەوێ تۆڵە بکاتەوە.
**ڕێنوێن**: سوروشتیيە؟!
**بازرگان**: ئەی بە مزێکی کەمەوە پێ بە پێی من ئەشیا بەهاتایێ. منێ کە ئەو گشتە پارەم هەیە. هەرچەن رێ بۆ هەر دووکمان سەخڵەت بوو.
**ڕێنوێن**: باشە ئەم شتانەیش ئەزانێ.
**بازرگان**: کاتێ کە هیلاک بوو لێم دا.
**ڕێنوێن**: کە ئەمەیش هەڵەیە.
**بازرگان**: هەگە بڵێین کرێکار نەیویستووە لە هەوەڵین دەرفەتا من بکوژێ وەک ئەوە وایە کە بڵێین عەقڵی نەبووە.
**قازی**: یانی مەبەستتان ئەمەیە کە مافی خۆتان بوو کە پێتان وابێ کە ئەو کرێکارە ئەبێ لەگەڵتانا دوژمن بێ. بەم شێوە رەنگە مرۆڤێکی باش و بێ ئازارتان کوشتبێ. ئەویش لەبەر ئەوەی کە نەتان ئەناسی و نەتان ئەزانی کە باش و بێئازارە. ئەم مەسەلە هەندێ جار بۆ پۆلیسەکانمان روو ئەدات. ئەوانیش بەرەوتاقمێ دەسڕێژ ئەکەن. تاقمی خۆپیشاندەران و چەنا مرۆڤی بە تەواو مانا ئاسایشخواز تیا ئەچن. تەنیا لەبەر ئەوەی کە پۆلیسەکان تێناگەن کە ئەم خەڵکە نایانەوێ ئەوان ونجڕ ونجڕ بکەن. لە راستەقینەدا پۆلیسەکان گشتیان لە ترسا تەقە ئەکەن. ئێوەیش مەبەستتان ئەمەیە کە نەتان ئەتووانی بزانن کە کرێکار لێرەدا هەڵاوێردە.
**بازرگان**: مرۆڤ ئەبێ بە پێی رێسا بجووڵێتەوە نە هەڵاوێرد.
**قازی**: بەڵێ ، گرینگ ئەمەیە. کرێکار بۆ ئەبێ بە کەسێکی وەها کە ئەو گشتە ئازار و چەرمەسەرێی دابوو ئاو بات؟
**ڕێنوێن**: هۆیەکی عاقڵانەی نەبووە؟!
**قازی**: ( گۆرانی ئەڵێ)

ئەمە رێسا، چاو بە تۆڵەی چاو، باش بزانە
ئەوەی چاوەڕوانی روودانی هەڵاوێردە، نەزانە
مرۆڤی عاقڵ رابینیی ناکا

که دوژمنەکەی ئاوی پێ با
( بە ئەندامانی دادگا) ئێستا کاتی راوێژە( ئەندامانی دادگا ئەچنە دەرەوە)
**رێنوێن**: ( گۆرانی ئەڵێ)
گشت یاسای، گشت رێسای ئەم رێبازە
کە نێویان ناوە رەوگەی دنیای تازە
بناخەی لەسەر دژایەتی مرۆڤ دانراوە
مرۆڤایەتی تیا هەڵاوێرد کراوە
گشت یاسای، گشت رێسای ئەم رێبازە، ئەم رێبازە، ئەم رێبازە
لە حاس لایەنگرانی مرۆڤایەتی، کەڵپەی بەرازە، بەرازە، بەرازە.
**سەرەک کاروانی دووهەم**: ناترسن کە ئیتر قەت کارتان پێ نەسپێرن؟
**رێنوێن**: چارم ناچار بوو ئەبوا راستەقینەم بووتایێ.
**سەرەک کاروانی دووهەم**: ( لێو بە بزە) هەڵبەت، کاتێ کە ناچار بن...( ئەندامانی دادگا ئەگەڕێنەوە)
**قازی**: ( بە بازرگان) دادگا پرسیارێکی‌ترتان لێ ئەکات. کوشتنی ئەم کرێکارە خۆ قازانجی ئێوەی تیا نەبوو؟!
**بازرگان**: ئەمە چ فەرمایشتێکە؟ من نیازم پی بوو. بۆ ئەو مامەڵەی کە بڕیار وابوو لە ئۆرگا بیکەم، نەخشەکان و ئەندازەکان ئەو هەڵی ئەگرت. من نیازم پی بوو. خۆ بە تەنیا ئەو گشتە کەرەسەیەم بۆ هەڵنەئەگیرا.
**قازی**: کە وایە نەتان توانم بە مامەڵەکەتان لە ئۆرگا بگەن.
**بازرگان**: نەوەڵڵا. ملم بشکێ، درەنگ گەیشتم و ماڵ وێران بووم
**قازی**: زۆر باشە. ئێستا بڕیاری دادگا رائەگەیەنین. دادگا لێی روونە کە کرێکارەکە نە بە بەردەوە بەڵکوو بە قومقومەی ئاوەوە لە بازرگان نزیک بووەتەوە. بەڵام تەنانەت بە لەپێش چاو گرتنی ئەم گریمانەش ، زیاتر گومان لەوە ئەکرێ کە کرێکار نیازی وا بووە کە بازرگان لە ناو بەرێ نەوەک ئاوی پێ بات. کرێکار پێوەندی بە چینێکەوە بوو کە لە راستیدا ئەشێ خۆی بە ماف خوراو بزانێ. ئەمانە بە زانستی کەم و کوڕی یەک لایەنەیان کە تەنیا واقێعی رووداوەکان لە بەرچاو ئەگرن، تۆڵە سەندن لە زۆرداران و مل هۆڕان تەنانەت بە عادڵانە ئەزانن. ئەوان تەنیا رۆژی حەسێب و کتێب بە قازانجیانە. بازرگان پێوەندی بە چینی کرێکارەوە نەبووە کە واتە ناچار بووە ئاگاداری خۆی بێ و تەمایەری خراپترین کردەوە لە لایەن کرێکارەوە بکات. نەی‌ئەتووانی کردەوەی کرێکار، کە بازرگان خۆی ددانی بە لێدانیا ناوە، بە کردەوەیەکی دۆستانە دانێ. بێت و نەبێ چۆڵگە و توونیەتیش ئازاریان ئەدا. نەبوونی پۆلیس و دادگا، ئەم هەلەی بۆ کرێکار ئەڕەخسان و ئەوی هان ئەدا کە بەشە ئاوی خۆی بە زۆر لە بازرگان بسێنێ و لەم رووەوە بازرگان بۆ داکۆکی لە خۆی ئەو کارەی کردووە و لە راستەقینەدا، چ بە راستی هێرشی کردبێ و چ بووبێت بە هۆی هەست کردنی ئەو مەترسیە لە لایەن بازرگانەوە، بە لە پێش چاو گرتنی ورد و زانایانەی بار و

دۆخی تایبەتی بازرگان، بە بڕیار دان بە بێ تاوانی بازرگان و بۆش و بە تاڵ ناسینی شکایەتی خێزانی کرێکار، کۆتایی بە باسەکە دێت و پەروەندە ئەبسرێ.

**دەورگێڕەکان:**

باسی ئەم سەفەرە و ئەم رێ
بەم لەونە کۆتایی پێ دێ
ئازیزەکان! خۆتان
چۆنیەتی رووداوەکانتان
هەم بیست و هەم دیتان
دیتان کە چی و بۆ چی سوروشتی ئەنوێنێ
لە گشت هەل و مەرجێکا چۆن خۆ دائەسەپێنێ
لای ئێوە خۆش بەڵام ئازیزەکان
بە نامۆی بزانن ئەوەی سەیر نییەلاتان
بە دەگمەنی دانێن ئەوەی ئاساییەپێتان
ئەوەی رێسای ناوە
لەلاتان داب و باوە
بە پێوانەی مرۆڤایەتی هەڵیسەنگێنن
بە سەربەستی و ئازادی بینەخشێنن
هەگە داب و نەریتی ناشایستیشتان دی
بۆ فەوتاندنی
بەلادا بکەن چاکی مەردایەتی.

کۆتایی
1369/10/16
دووپات نووسینەوەی
1374/5/15

Filename: بێرتۆڵد برێشت.doc
Directory: F:\Documents and Settings\xalid\My Documents
Template: F:\Documents and Settings\xalid\Application Data\Microsoft\Templates\Normal.dotm
Title: بێرتۆڵد برێشت
Subject:
Author: MRT
Keywords:
Comments:
Creation Date: 8/13/2009 4:55:00 AM
Change Number: 33
Last Saved On: 3/21/2007 11:49:00 PM
Last Saved By: dilax
Total Editing Time: 504 Minutes
Last Printed On: 3/21/2007 11:49:00 PM
As of Last Complete Printing
Number of Pages: 21
Number of Words: 5,798 (approx.)
Number of Characters: 33,052 (approx.)